

# نازێ عەزیزی:

## بەخۆشەویستی دەژیم و دەمرم

**سازدانی: موحسین یاسین**

نازێ هەرچەندە پێشتر بەزمانی فارسی گۆرانی وتووەو توانایەکی باشیشی هەیە لەو بوارەدا، بەڵام حەز دەکات لەمەودوا بەیارمەتی موزیسیانە کوردەکان، گورو تینێکی زیاتر بەگۆرانی کوردی بدات.

نازێی عەزیزی گۆرانیبێژی کوردستانی رۆژهەڵات، ئاواتەخوازە موزیسیانێکی کورد نهێنی دەنگی بدۆزێتەوە تا بتوانێت زیاتر برەو بەگۆرانی کوردی بدات. سەبارەت بەژیانی تایبەتیشی دەڵێت «بەخۆشەویستی دەژیمو بەخۆشەویستیش دەمرم».

ئەو لەشاری سابڵاخ (مهاباد)ی ئێستا، لەکۆتایی مانگی مایسی ١٩٧٩ هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی منداڵیدا بەشێوەیەکی خۆشو ناخۆش ژیاوە، ژیان (ناخۆش) بووە لەلای، چونکە تەمەنی منداڵی لەکاتی شەڕی ئێرانو عێراقدا بەسەر بردووە، بەڵام (خۆش) یش بووە، چونکە منداڵێکی زۆر ئازاو ژیر بووەو باشترین باوکو دایکیشی هەبووە، بەپێکەنینەوە دەڵێت «زۆر هاریش بووم، زۆرجار بەسەر دیواردا سەردەکەوتم، لەوەشدا هەموو گیانم شکاوە، بەڵام هەمیشە حەزم لەوە بوو نهێنییەکانی پشت دیوارەکان ئاشکرا بکەم».

نازێ سێ ساڵ لەمەوبەر، بەڕێکەوت دەڕواتە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام دوای ماوەیەک لەگەڵ هاوسەرەکەی پێکەوە ناگونجێنو لەقۆناغی دەزگیرانیدا واز لەیەکتر دەهێنن.

ئەم گۆرانیبێژە لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە دەستی کردووە بەکاری هونەرییو یەکەم گۆرانیشی بەناوی (مەرگی گوڵی سوور) بووە، دواتر گۆرانی (چاوەڕوانی)، بەڵام تائێستا خاوەنی دوو ئەلبومە بەناوەکانی (چاوەڕوانی، کوردستان) هەروەها چوار کلیپیشی هەیە.

ناوبراو لەدیدارێکی گۆڤاری ئاوێنەکاندا وردەکاریو نهێنی ژیانی خۆیو چوونەوە نێو ژیانی هاوسەرییو لایەنی هونەریشی باس دەکات.

* دەکرێ بزانین چ مامۆستایەک رۆڵی هەبووە لەپێگەیاندنتدا؟

– لەلای زۆر مامۆستاو پسپۆری ئێرانی وانەی موزیکم خوێندووەو فێر بووم، لەوانە خوالێخۆشبوو (موجتەبای میرزادە)، کە کۆرسی مەقامم خوێندووە، دەتوانم بڵێم لەمەقامدا باشترم وەک لەگۆرانی.

* وەک بیستومانە پێشتر بەزمانی فارسی گۆرانی وتووە، چۆن بوو لەم چەند ساڵەی دوایدا بیرت لەوە کردەوە بەزمانی کوردی گۆرانی بڵێیت؟

– راستە پێشتر بەزمانی فارسی گۆرانیم وتووە، بەڵام ئێستا هیواو ئاواتم ئەوەیە کە موزیسیانێکی باشی موزیکی کوردی دەنگی راستەقینەی من ببینێتەوە، چونکە من لەگۆرانی فارسیدا دەنگم بینراوەتەوە، بەڵام هێشتا لەگۆرانی کوردیدا ونم، نازانم چیبکەم.

* پێموابێت ئێستا بەنیازیت، سیدییەکی شیعر بڵاوبکەیتەوە، لەکەیەوە شیعر دەنووسیت؟

– من هەر لەسەرەتاوە شیعرم نووسیوە، حەز دەکەم زۆرتر لەسەر شانۆ وەک شاعیر بناسرێم تاوەکو گۆرانیبێژێک، بەڵام گۆرانیو شیعر نزیکایەتییەکی زۆریان هەیە بەیەکەوە. لەفیستیڤاڵی شیعریشدا لەئێران بەشداریم کردووەو خەڵاتیشم وەرگرتووە، جگە لەوە ئەمساڵیش لەفیستیڤاڵی گەلاوێژدا بۆ بواری شیعر بانگهێشتکرام، بەڵام نەمتوانی بەشداری بکەم. ئێستاش خەریکی سیدییەکی شیعرمو بەشێوەیەکی زۆر جوان لەڕێگای رادیۆی خاکەوە بڵاودەکرێتەوە. جگە لەشیعری کوردیی، شیعرم بەزمانی فارسی هەیەو بڵاویشم کردۆتەوە.

* جگە لەو سیدی شیعرە، چ پڕۆژەیەکی دیکەت بەدەستەوەیە؟

– پڕۆژەی دیکەم، ئەلبومێکە لە نۆ گۆرانی پێکهاتووە، کە گۆرانی فۆلکلۆرو نوێو مەقامیشی تیایە. هەروەها دوو گۆرانیم بەزاری کرمانجی وتووە، گۆرانیەکیشم بەئینگلیزی وتووە بۆ فیستیڤاڵی نەتەوەکان لەجنێف.

* بەو پێیەی تۆ بەزمانی کوردیو فارسیش گۆرانی دەڵێیت، هەوڵتداوە شێوازێکی تایبەت بەخۆت هەبێت؟

– من شێوازێکی تایبەت بەخۆم هەیە، هەڵبەت رەنگە زۆر کوردی نەبێت، چونکە من هەر لەمنداڵییەوە گۆرانی فارسیم وتووە، ئێستا وردە وردە دەمەوێت خزمەت بکەمو موزیکەکەم بهێنمەوە سەر کوردیی رەسەن، هیوادارم بتوانمو کەسانێک کە دەتوانم یارمەتیم بدەن داوایان لێدەکەم هاوکاریم بکەن، بۆئەوەی بتوانم زۆرتر لەبواری گۆرانیو موزیکی کوردیدا خزمەت بکەم.

* ئەوەندەی هەستمان پێکردووە، لەکاتی گۆرانی وتندا سەدایەک لەدەنگتدا هەیە، نهێنی ئەو سەدایە چییە؟

– ئەو سەدایە، هەمووی هەستی دەروونمەو بەدەنگم دەیهێنمە دەرەوە.

* خاوەنی چ سیفاتێکی تایبەتی خۆتیت لەکاتی گۆرانی وتندا؟

– لەکاتی گۆرانی وتندا فشارێکی زۆر دەخەمە سەر پەنجەکانی دەستمو توند دەیگوشم، زۆرجار پەنجەکانم خوێنیان لێدێت، تاکو کۆتایی گۆرانیەکەش هەستی پێناکەم.

* بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، جارێک چوویتەتە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام لەقۆناغی دەزگیرانیدا وازتان لەیەکتری هێنا، ئەمە چۆن بوو؟

– بەڵێ راستە، ساڵی (٢٠٠٦) لەگەڵ کوڕێک



کە خەلکی شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان بوو، چووینە ژیانی هاوسەرییەوە، لەڕاستیدا پێشتر منی بینیبوو، ئیتر مارەبڕاوینو دەزگیران بووین، بەڵام بەهۆی بێبەڵێنی ئەو کوڕەوە، ئارامیو تەندروستی منی تێکداو تووشی نەخۆشی کردم، کاتێک لەنەخۆشخانە کەوتبووم، بڕیاری جیابوونەوەی دابوو، ئومێدەوارم خودا بیبەخشێت، سەرەتا وام دەزانی کوڕێکی ئاقڵە، بەڵام تەنها قسەی هەبوو، لەکردەوەدا پێچەوانە بوو.

* بەنیازیت جارێکیتر بڕۆیتەوە ژیانی هاوسەریی؟

– سەد لەسەد، بەڵام ئەمجارەیان بەخۆشەویستی، چونکە جاری پێشوو بەڕێکەوت بوو.

* ئێستا هیچ کەسێک هەیە لەژیانتدا؟

– نەخێر، (بەپێکەنینەوە) هیوادارم پەیدا ببێت، چونکە من هەموو کاتێک بەخۆشەویستی دەژیمو بەخۆشەویستیش دەمرم.

* ئەو شتەی کە تۆ زۆر عاشقی بیتو خۆشت بوێت؟

– تەنها ئارامیەو کەسێک هەبێت بتوانم لەپەنایدا ئارامی بگرم، تەنها شتێکیش کە عاشقی بم، ئەوەیە کە خۆشەویستیو دڵداری بکەم، ئەوە باشترین ئارامییە لەژیانمدا، بەڵام هەمیشە لەوە دەترسم رۆژێک بێت، کەس منی خۆش نەوێت.

* لەو ساتانەدا کە بەتەنیایت چی دەکەیت؟

– لەساتەکانی تەنیایی خۆمدا زۆربەی کات دەگریم، کاتێکیش گریاوم لەگەڵ هەر بەیتێک لەشیعرەکانمدا دڵۆپە گریانم رشتووە، بۆیە شیعرەکانم وەک ئەولادەکانم وان، هەرچەندە خۆم ئەولادم نیە، بەڵام شیعرەکانم منداڵەکانی منن.

* لەزۆربەی گۆرانییەکاندا کە دەردەکەویت، جلی کوردیت لەبەردایە، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتیت، یان حەزی خۆتە؟

– خۆم زۆر حەزم لەجلوبەرگی کوردییەو جوانتریشە لەبەرمدا، بەڵام بەڕای من جلوبەرگی کوردی لەجیهانیشدا بێئەندازە جوانە.